# أثر استراتيجية تسلسل الاجابات في تحصيل طلاب الصف الخامس الإعدادي في مادة اللغة الكردية

**مقداد عبد الحسن نعمة الطائي**

**أ.م.د. صباح جليل خليل**

**sabah.jalil@ircoedu.uobaghdad.edu.iq**

**جامعة بغداد/ كلية التربية ابن رشد للعلوم الإنسانية**

**الملخص**

هدف البحث الحالي الى تعرّف " **أثر استراتيجية تسلسل الاجابات في تحصيل طلاب الصف الخامس الإعدادي في مادة اللغة الكردية** "

اعتمد الباحث المنهج التجريبي ذا الضبط الجزئي للمجموعتين التجريبية والضابطة ذات الاختبار البعدي ، وتم اختيار (اعدادية المحمودية للبنين) بصورة قصدية لتكون ميداناً لتطبيق التجربة إذ تألفت عينة البحث من (٦١) طالباً من طلاب الصف الخامس الإعدادي للعام الدراسي (٢٠٢٥- ٢٠٢٦) وزعوا بطريقة عشوائية على المجموعتين وبواقع (٣٠) طالب في المجموعة التجريبية و(٣١) طالب في المجموعة الضابطة، صاغ الباحث (٨٢) هدفاً سلوكياً، وأعدت خططاً تدريسية لمادة اللغة الكردية، اعد الباحث الاختبار التحصيلي وتكون من (٣٠) فقرة من نوع (الاختيار من متعدد) وبعد معالجة البيانات احصائيا، اتضح وجود فرق ذات دلالة احصائية بين متوسطات المجموعة التجريبية والمجموعة الضابطة في اختبار التحصيل النهائي ولصالح المجموعة التجريبية الذين درسوا مادة اللغة الكردية على وفق استراتيجية (استراتيجية تسلسل الاجابات).

**وفي ضوء النتائج التي توصل اليها البحث الحالي تم استنتاج الآتي:**

إن لاستراتيجية تسلسل الاجابات أثراً ايجابياً في رفع تحصيل طلاب المجموعة التجريبية ، إذ انها مكنت الطلاب من ربط معرفتهم السابقة بالمعرفة الجديدة من خلال خطواتها المتسلسلة.

**الكلمات المفتاحية: استراتيجية، تسلسل الإجابات، الخامس الاعدادي، اللغة الكردية**

## The Effect of the Answer Sequencing Strategy on the Achievement of Fifth-Grade Preparatory Students in Kurdish Language

**Authors :Miqdad Abdul Hassan Neama Hassan Al-Taie**

**Asst. Prof. Dr. Sabah Jalil Khalil**

**University of Baghdad/ College of Education Ibn Rushd for Human Sciences**

**Abstract:**

The present study aimed to identify the effect of the Answer Sequencing Strategy on the achievement of fifth-grade preparatory students in Kurdish language. The researcher adopted a quasi-experimental design with partial control، involving two groups (experimental and control) with a post-test only. Al-Mahmoudiya Secondary School for Boys was intentionally selected as the research site. The research sample consisted of (61) fifth-grade preparatory students for the academic year (2025-2026)، who were randomly assigned into two groups: (30) students in the experimental group and (31) students in the control group.

The researcher formulated (82) behavioral objectives and prepared instructional plans for teaching Kurdish language. An achievement test consisting of (30) multiple-choice items was also developed. After statistically analyzing the data، the results revealed a statistically significant difference between the mean scores of the experimental group and the control group in the final achievement test، in favor of the experimental group who were taught using the Answer Sequencing Strategy.In light of the findings، the study concluded that the Answer Sequencing Strategy has a positive effect on improving students' achievement. It enables students to connect their prior knowledge with new knowledge through its sequential instructional steps.

**Keywords: Strategy، Answer Sequencing، Fifth Preparatory Grade، Kurdish Language**

**پوختەی توێژینەوەکە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ناساندنی "کاریگەری ستراتیژیای زنجیرەی وەڵامەکان لەسەر دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە بابەتی زمانی کوردی" بوو.

توێژەر ڕێبازی ئەزموونی بە کۆنترۆڵی بەشێوەیەکی نیوەیی بەکارهێنا، کە تیایدا دوو گرووپی (ئەزموونی و کۆنترۆڵ) بە تاقیکردنەوەی دوایی هەبوون. قوتابخانەی ئامادەیی مەحمودیە بۆ کوڕان بە شێوەیەکی مەبەستی هەڵبژێردرا وەک شوێنی جێبەجێکردنی ئەزموونەکە، نمونەی توێژینەوەکە لە (٦١) خوێندکار پێکهاتبوو لە خوێندکارانی پۆلی پێنجی ئامادەیی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٥–٢٠٢٦)، کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دابەشکران بەسەر دوو گرووپدا: (٣٠) خوێندکار لە گرووپی ئەزموونی و (٣١) خوێندکار لە گرووپی کۆنترۆڵ، توێژەر (٨٢) ئامانجی ڕەفتاری دارشت و چەند پلانێکی وانەوتنەوەی بۆ بابەتەکانی زمانی کوردی ئامادە کرد و هەروەها، تاقیکردنەوەی دەستکەوتی دارشت و لە (٣٠) برگە بێکهاتبوو لە جۆری (هەڵبژاردن لە چەند بژاردەیەك )، دوای چارەسەرکردنی داتاکان بە شێوەی ئاماری، ئەنجامەکان دەریانخست کە جیاوازییەکی بەڵگەدار بە ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندی نمرەکانی گرووپی ئەزموونی و گرووپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی کۆتایی لە بەرژەوەندیی کۆمەڵەی ئەزموونی دبوو، کە بابەتی زمانی کوردییان بە پێی ستراتیژییەتی (زنجیرەبەندیی وەڵامەکان) خوێندبوو، لە ڕووی ئەو ئەنجامە کە توێژینەوەکە پێی گەیشت، ئەم دەرئەنجامە بەدەست هات:

سترااتیژیای زنجیرەی وەڵامەکان کاریگەرییەکی ئەرێنی هەیە لە بەرزکردنەوەی دەستکەوتی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی، چونکە توانای ئەوەی پێدان کە زانیاریی پێشوویان بە زانیاری نوێ بگرنەوە بەهۆی هەنگاوە زنجیرەییەکانی.

**وشە کلیلەکان: ستراتیژی، زنجیرەی وەڵامەکان، پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، زمانی کوردی**

**بەشی یەکەم**

**ناساندنی توێژینەوە**

**یەکەم . کێشەی توێژینەوە:**

لە میانی ئەزموونی توێژەر و کاری مەیدانی لە بواری وتنەوەی بابەتی زمانی کوردی بە درێژایی (١٠) ساڵ، هەستی بە بوونی کێشەی نزمی ئاستی دەستکەوتی خوێندن و کەمی ئارەزووی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی کرد، بەرانبەر بابەتی ڕێزمانی کوردی. توێژەر هۆی ئەم ئاست نزمییەیان دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی زۆربەی مامۆستایان؛ ڕێگە ئاسایی و کۆنەکان لە وتنەوەی بابەتی ڕێزمانی کوردی بەکاردەهێنن، کە جەخت لەسەر ئەزبەرکردن و وانەدادان (التلقين) دەکەنەوە، بێ ئەوەی بە قووڵی جەخت لە بونیادی ڕێزمان و چۆنیەتی دروستبوونی وشە، یان وشەسازی (مۆرفۆلۆژی) بکەنەوە، ئەمەش وا لە قوتابییان دەکات، ببنە وەرگرێکی نەرێنی و بەشداری کاریگەرانەیان لە بونیادی زانەکیی (المعرفة) زمانەوانییاندا نەبێت و ببێتە هۆی لاوازبوونی توانایان لە بەگەڕخستنی ڕێزمان لە هەڵوێستەکانی پەیوەندیگرتنی ڕاستەقینەی زمان، چ بە نووسین بێت، یان گفتوگۆ.

توێژەر لەبەر ڕۆشنایی ڕاوبۆچوون و تێبینییەکانی ژمارەیەك لە هاوڕێیانی مامۆستای و لە ڕێگەی پێشکەشکردنی ڕاپرسییەکی کراوە، کە ژمارەیەك پرسیار لەخۆگرتبوو و ئاڕاستەی مامۆستایانی بابەتی ڕێزمانی کوردیی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی کردبوو، کە ژمارەیان (٢١) مامۆستای هەردوو ڕەگەز، لە مامۆستایانی ئامادەیی لە قەزای مەحموودییەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی کەرخی دوو/ بەشی پەروەردەی مەحموودییە بوو، ئەنجامی وەڵامەکانیان لەسەر پرسیارەکانی ڕاپرسییەکەی بەمجۆرەی خوارەوە بوو:

١. (٨٥%) جەختیان لەسەر نزمی ئاستی دەستکەوتی قوتابییان لە بابەتی ڕێزمانی کوردی کردبووەوە.

٢. (٨٠%) جەختیان لەسەر سەروەریی ڕێگەی وانەپێوتنەوە و وانەدادان (التلقين) لە وتنەوەی بابەتی ڕێزمانی کوردی کردبووەوە.

٣. ٩٠%) جەختیان لەسەر ئەوە کردبووەوە کە زانیارییان لەسەر ستراتیژییەتی زنجیرەیی و ڕیزبەندی وەڵامەکان نییە.

٤. (٩٠%) جەختیان لەسەر ئەوە کردبووەوە کە زانیاریی پێشوەختەیان لەسەر مەیل و ئارەزوو و کارامەییەکانی نییە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی پێشکەش کرا، دەکرێ کێشەی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەی خوارەوە دەستنیشان بکرێت:

ئایا کاریگەریی ستراتیژییەتی زنجیرەبەندیی وەڵامدانەوەکان لە سەر دەستکەوتی بابەتی ڕێزمانی کوردی لای قوتابییانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی و مەیل و ئارەزوویان بەرانبەر بابەتەکە هەیە؟

**دووەم . گرنگیی توێژینەوە:**

ستراتیژییەتی زنجیرەبەندی وەڵامەکان لە ستراتیژییەتە هاوچەرخەکانی وانە وتنەوە دادەنرێت، بە جۆرێك جەخت لەسەر ڕێکخستنی وەڵامەکان دەکاتەوە بە شێوەیەکی زنجیرەبەندی لە ئاسانەوە بەرە و گران و ئاڵۆز، بە مەبەستی هاندانی قوتابییان لەسەر بیرکردنەوەی قووڵ و بەشداریکردنی کاریگەرانە، ئەمەش پاڵنەرێتی و چالاکییان بۆ فێربوون بەهێز و زیاتر دەکات.

توێژەر پێیوایە؛ گرنگیی ستراتیژییەتی زنجیرەبەندیی وەڵامدانەوەکان، خۆی لە باشتر تێگەیشتن و ڕێکخستن و تێگەیشتنی قووڵتری زانیارییەکان دەبینێتەوە، ئەمەش چارەسەرکردنی هەموو هەنگاوەکان بە بایەخ و وردییەوە دابین دەکات، بە ڕێکخستنێکی ڕێکخراو، کە وا لە قوتابییان دەکات توانای هەڵهێنجانی وەڵامە واتادارەکانیان هەبێت و ژینگەیەکی فێرکاریی کاراو کاریگەرتر بخوڵقێنن، هەروەها یارمەتیی کەمکردنەوەی پشتبەستنی قوتابی لەسەر مامۆستا دەدات و لەسەر گەڕانی خودی خۆی بە دوای وەڵامەکان هانی دەدات.

دەستکەوتی خوێندن بە یەکێك لە گرنگترین ئاماژەکانی سەرکەوتنی پرۆسەی فێرکاری دادەنرێت، هەر ئەویش ئەو ئامانجەیە کە سەرتاپای سیستەمی پەروەردەیی تەقەللای بۆ دەدات، هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتیش لە بابەتی ڕێزمان، ڕەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر ئەنجامدانی ئەرکی قوتابی دەبێت لە کارامەییە زمانییەکانی دیکە. (الخليلي واخرون، ٢٠١٦، ل. ١٧٨).

مەیل و ئارەزووی قوتابیش؛ لەو هۆکارە دەروونییە گرنگانە دادەنرێت کە کار دەکەنە سەر سەرکەوتنی پرۆسەی فێربوون و بەردەوامیدانی، چونکە ئەو قوتابییەی مەیلی ئەرێنی بەرانبەر بابەتێکی دیاریکراو دەبێت، توانایەکی زۆری بۆ فێربوونی تەرخان دەکات و ئەنجامی باشتر بەدەست دەهێنێت. (الزغلول، ٢٠١٢، ل. ١٩٨).

قۆناغی ئامادەیی، لە قۆناغە فێرکارییە یەکلاییکەرەوەکان لە ژیانی قوتابی دادەنرێت، چونکە قۆناغێکی ڕاگوزەرە و قوتابی بۆ قۆناغی زانکۆ، یان بازاڕی کار ئامادە دەکات، هەر لەو قۆناغەشدا کەسایەتیی قوتابی گەڵاڵە و بەرجەستە دەبێت و ڕەوتی ئایندەی ژیانی دەستنیشان دەکرێت. (الخوالدة، ٢٠١٣، ل. ٨٩).

لێرەوە؛ گرنگی و بایەخی ئەم توێژینەوەیە دەردەکەوێت، بەوەی هەوڵێکە بۆ تێپەڕاندنی ئەو ئاستەنگانەی دێنە بەردەمی قوتابی لە میانی بەگەڕخستن و بەکارهێنانی زنجیرەبەندیی وەڵامەکان، کە وا لە فێربوونی بابەتی ڕێزمانی کوردی دەکات، سەرنجڕاکێش تر و کاریگەر تر بێت، بابەتەکەش لە ئەزبەرکردنێکی میکانیزمانە و خودکارییەوە، بگۆڕێت بۆ تێگەیشتنی قووڵ و پیادە و جێبەجێکردنێکی هوشیارانە.

**لەوەی پێشکەشکرا، گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لە میانی چەندین لایەنەوە دەردەکەوێت، کە دەکرێ بەم جۆرەی خوارەوە تاووتوێ بکرێن:**

**یەکەم . لایەنی پیادەکاری (پراکتیکی):**

١. لە ڕووی پەروەردەییەوە؛ لەوانەیە ئەم توێژینەوەیە گرنگیی پەروەردەییەکەی لەوەدا بەدەستبهێنێت، کە کۆشش و تەقەللا بۆ پیادە و جێبەجێکردنی ستراتیژییەتی وانەوتنەوەی هاوچەرخ دەدات، کە لەگەڵ بنەماو ڕێسا تیۆرییە بونیادگەراییەکانیدا دەگونجێت و جەخت لەسەر ڕۆڵی فێرخوازی کارا دەکاتەوە لە بونیادنانی زانینەکانی .

٢. لەوانەیە ئەم توێژینەوەیە بەشداری لە دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیات و لێکۆڵینەوە پەروەردەییەکان بکات، ئەوەش بە لێکۆڵینەوەی ئەزموونی کە پێوانەی کاریگەریی ستراتیژییەتە هاوچەرخەکان دەکات .

٣. لەوانەیە بەشداری لە باشترکردنی وتنەوەی بابەتی زمان بکات، لە میانی بەگەڕخستن و بەکارهێنانی ستراتیژییەتێك جەخت لەسەر بونیادنانی زانەکیی زمانیانە بە شێوەیەکی کەڵەکەبوون

و ڕێکوپێك بکاتەوە، ئەمەش یارمەتیی قوتابییان دەدات لەسەر فێربوون و شارەزابوونی کارامەییە زمانییەکانی بە شێوەی باشتر .

٤. دەگمەن بوونی لێکۆڵینەوە پەروەردەییە ئەزموونییەکان لە بواری خوێندن و وتنەوەی بابەتی زمانی کوردی، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە ستراتیژییەتەکانی خوێندن و وانەوتنەوەی هاوچەرخ، ئەمەش وا دەکات ئەم توێژینەوەیە زیادکردنێکی جۆری بێت بۆ ناو کتێبخانەی پەروەردەی کوردی.

٥. جەختکردنەوە لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی قوتابییان لە بابەتی ڕێزمان لە میانی ستراتیژییەتی خوێندنی هاوچەرخ، کە لەوانەیە لە ڕێگە ئاسایی و کۆنەکان، کاریگەرتر بێت، بە جۆرێك لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە ئەو ستراتیژییەتانەی بە شێوەیەکی کاریگەرانە قوتابی لە پرۆسەی فێربوون بەشداری پێ دەکەن، لە ئاستی دەستکەوتی ئەکادیمییان بەرز دەکەنەوە.

**سێیەم . ئامانجەکانی توێژینەوە:**

**ئامانجی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا ناسینی :**

کاریگەریی ستراتیژییەتی زنجیرەبەندیی وەڵامەکان لە دەستکەوتی خوێندنی قوتابییانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە بابەتی بنەماکانی زمان (ڕێزمان).

**گریمانەی توێژینەوهکە:**

**گریمانەی سفریی یەکەم:** "نەبوونی جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماری لە ئاستی بەڵگەی (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندە نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بابەتی ڕێزمانی کوردییان بە بەکارهێنانی ستراتیژییەتی زنجیرەبەندیی وەڵامەکان خوێندووە و ناوەندە نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتیان بە ڕێگەی ئاسایی خوێندووە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی پاشەکی (البعدی).

**سنووری توێژینەوە:**

سنووری ئەم توێژینەوەیەی ئێستا بەمجۆرە دیاریکراوە:

١. **سنووری مرۆیی:** ئەم توێژینەوەیە تایبەت لەسەر قوتابییانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی (لقی وێژەیی/ زانستی) لە قوتابخانە ئامادەیی و ناوەندییە حکومییەکان ئەنجام دراوە، ئەوانەی دەوامیان بە ڕۆژە، بەبێ بەشداری پێکردنی قوتابییانی خوێندنی ئێواران، یان قوتابخانە ئەهلییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی مەحموودییەی سەربە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی پارێزگای بەغداد/ کەرخی دووەم.

٢. **سنووری شوێنی:** ئەم توێژینەوەیە لەو قوتابخانە ئامادەیی و ناوەندییانە پیادە و جێبەجێ دەکرێت کە دەوامیان بە ڕۆژە و حکومیشن و سەربە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی مەحموودییەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەیی پارێزگای بەغداد/ کەرخی دووەمن.

٣. **سنووری کاتی (الزمانی):** ئەم توێژینەوەیە لە ماوەی وەرزی (یەکەم)ی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٥- ٢٠٢٦ ز) جێبەجێ دەکرێت و ماوەی ئەزموونەکەش وەرزێکی تەواوی خوێندن دەخایەنێت.

٤. **سنووری بابەتیبوون (ناوەڕۆك):** ئەم توێژینەوەیە لە سەر خوێندنی بابەتەکانی ڕێزمانی کوردی بڕیارلەسەردراو لە پرۆگرامی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بۆ وەرزی (یەکەم)ی خوێندن دەگرێتەوە، کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردە لە عێراق و بەپێی پرۆگرامی پشت پێ بەستراو دەستنیشان کراوە.

**دیاریکردنی زاراوەکانط**

**یەکەم- ستراتیژییەتی زنجیرەبەندیی وەڵامەکان:**

**زیتون(٢٠١٣):**

برتییە لە : "ستراتیژییەتێکی خوێندن و وانەوتنەوە، کە لەسەر پێشکەشکردنی زنجیرەیەك پرسیاری بەیوەستگیر بە یەکتری و ڕیزبەندکراو لە سادەوە بۆ داڕێژراو پێکدێت، بە جۆرێك هەر وەڵامێك لەسەر وەڵامی پێشووتر بونیاد دەنرێت، ئەمەش یارمەتیی قوتابی دەدات لەسەر بونیادنانی زانەکییەکەی (معرفتە) بە شێوەیەکی کەڵەکەبوون و ڕێکخراو. (زیتون، ٢٠١٣، ل. ٢٧٨).

**پێناسەی ڕێکاری:**

بریتییە لە کۆمەڵە ڕێکاری و هەنگاوێکی فێرکاریی ڕێکخراو، کە مامۆستای ڕێزمانی کوردی لە وتنەوەی بابەتی ڕێزمان دەیانگرێتەبەر و بەکاریاندەهێنێت، خستنەڕووی پرسیاری ڕیزبەندکراو و پەیوەستگیری لۆژیکی سەبارەت بنەماکانی ڕێزمان لەخۆدەگرێت، بە جۆرێك وەڵامی هەر پرسیارێك، پێشەکیی ئەو پرسیارە دەبێت کە بەدوایدا دێت، ئەوەش بە پێی ئەو هەنگاوە دیاریکراوانەی لە ڕێبەری مامۆستادا هەیە و تایبەت بە مەبەستی ئەم توێژینەوەیە ئامادەکراوە.

**دووەم . دەستکەوتی خوێندن:**

**علام (٢٠١٤):**

دەستکەوتی خوێندن: "بریتییە لەو ڕێژە زانەکی و کارامەیی و ئاراستانەی کە قوتابی لە ئەنجامی تێپەڕبوونی بە ئەزموونی پەروەردەیی دیاریکراودا بەدەستیان دەهێنێت و بەو نمرەیە پێوانە دەکرێت کە قوتابی لە تاقیکردنەوەی ئامادەکراو بۆ ئەم مەبەستە بەدەستی دەهێنێت. (علام، ٢٠١٤، ل. ١٥٦).

**پێناسەی ڕێکاری:**

ئەو ڕێژە زانیاری و زانەکییە بەدەستهاتووانەیە کە قوتابی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی دەربارەی بابەتێکی ڕێزمانی کوردی بڕیار لە سەردراو لە وەرزی خوێندنی (یەکەم) بەدەستیان دەهێنێت و بەو نمرە گشتییە پێوانە دەکرێت کە قوتابی لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی پاشەکی بەدەستی دەهێنێت کە تایبەت بۆ مەبەستی ئەم توێژینەوەیە ئامادە کراوە.

**سێیەم . ڕێزمانی کوردی:**

**محمد (٢٠١٩):**

ڕێزمانی کوردی : "کۆمەڵە یاسا و کۆنترۆڵکارییەکە، بڕیار لەسەر بونیاد و پێکهاتەی زمانی کوردی و پێکهاتەکەی دەدات، لێکۆڵینەوەکە ناو و کار و پیت و دۆخەکانی و پەیوەندییان بە یەکترییەوە لە ڕستە دەگرێتەوە. (محمد، ٢٠١٩، ل. ٨٩).

**پێناسەی ڕێکاری:**

ڕێزمانی کوردی ئەو بابەتە خوێندنەیە کە بۆ قوتابییانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە پرۆگرامی زمانی کوردی بڕیاری لەسەر دراوە و بابەتەکانی ڕێزمان و وشەسازیی دیاریکراو لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە لەخۆدەگرێت.

**بەشی دووەم**

**تەوەری یەکەم . چوارچێوەی تیۆری**

**یەکەم– ستراتیژییەتی زنجیرەبەندیی وەڵامدانەوەکان:**

ئەم ستراتیژییەتە لەوەدا پوخت دەبێتەوە کە قوتابییان وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە مامۆستا دەیخاتە بەردەستیان و بە شێوەیەکی زنجیرەبەندی پەیوەندییان بە یەکترییەوە هەیە، بیرۆکەکەش بەوە دەست پێ دەکات، کە مامۆستا پرسیارێك لە پۆلەکە دەکات، پاشان یەکێك لە قوتابییەکان هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە، ئینجا داوا لە تەواوی قوتابییانی دیکەی پۆلەکە دەکات، دەنگ لەسەر ئەوە بدەن، کە ئایا وەڵامی پرسیارەکە ڕاستە، یان نیوەی ڕاستە، یاخود هەڵەیە. (أبو سعيد واخرون، ٢٠١٩. ل. ١٨٩).

**ئامانجی ستراتیژییەتەکە:**

(2009 Kagan، p.178–180) بەم جۆرە ئامانجە سەرەکییەکانی ستراتیژییەتی زنجیرەبەندیی وەڵامەکانی دەستنیشان کردووە:

**١. پەرەپێدانی بیرکردنەوەی کەڵەکەیی و بونیادنەرانە:**

" ئامانجی ستراتیژییەتەکە پەرەپێدانی توانای قوتابییانە لەسەر بیرکردنەوە بە شێوەیەکی کەڵەکەیی، بە جۆرێك هەر قوتابییەك لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی هاوڕێکانی بونیادیان ناوە و پێش

ئەو پێشکەشیان کردووە، بیرکردنەوەی خۆی دەخاتەگەڕ، ئەمەش تێگەیشتنی قووڵ و هەمەلایەنەی بابەتەکە بەهێزتر دەکات". (Kagan،2009 ،p.178 ).

**٢. گەشەپێدانی کارامەییەکانی گوێگرتنی کارا:**

"گەشە بە کارامەییەکانی گوێگرتنی کارا و کاریگەر لای قوتابییان دەدات، بە جۆرێك لەسەر هەر قوتابییەك پێویستە کە بە بایەخەوە گوێ لەوە بگرێت کە هاوڕێکانی دەیڵێن و مشتومڕی لەسەر دەکەن، بۆ ئەوەی خۆیان لە دووبارەکردنەوە لا بدەن و بیرۆکەکانیان بە شێوەیەکی پوختە بونیاد بنێن. (Slavin،2011 ،p.234 ).

**٣. دابینکردنی بەشداریکردنی هەمەلایەنە:**

ئاماژە بەوە دەدات کە "ئامانجی ستراتیژییەتەکە زیادکردنی بەشداریکردنی هەموو قوتابییانە بە بێ جیاوازی لە پرۆسەکە، لەبەرئەوەی هەر قوتابییەك دەبێ ڕۆڵی خۆی ئەنجام بدات و بە بەشێك لە وەڵامەکە بەشداری بکات، ئەمەش کارلێکی هەمووان مسۆگەر و دابین دەکات". (Stevens 2008،p.145 ).

**٤. بەهێزکردنی لێپێچنەوەی تاکە کەسی:**

"هەر قوتابییەك بەرپرسیارە دەربارەی ئەوەی دەیخاتە سە زنجیرەی وەڵامەکان، ئەمەش لێپێچینەوەی تاکە کەسی بەهێز دەکات و ڕێگە لەو پاڵدانەوەیەش دەگرێت، کە لەوانەیە لە هەندێك چالاکیی فێربوونی هەرەوەزیدا ڕووبدات و هەبێت". (Johnson & Johnson، 2006،p.157 )

**٥. بونیادنانی زانەکی (زانین- المعرفة)ی کۆمەڵایەتی:**

"بونیادنانی زانەکی بە شێوەی بە کۆمەڵ لە میانی کارلێکی کۆمەڵایەتی، فێربوون بەهێز دەکات و وای لێ دەکات قووڵتر و جێگیر و چەسپاوتر بێت". (Vygotsky،1978 ،p.86 ).

**پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی ستراتیژییەت:**

پێویستیی بە هیچ شتێك نییە، یان دەکرێ مامۆستا تۆپی لاستیکی، یان ئیسفەنجی بەکاربهێنێت، بۆ ئەوەی بیرۆکەکە زیاتر سەرنجڕاکێش تر بێت و لای قوتابییانیش چێژبەخش تر بێت.

Johnson et al. (2007)،(p.201-205 ) کاتەکان و هەڵوێستە گونجاوەکان بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژییەتی زنجیرەبەندیی وەڵامەکان دەستنیشان دەکات:

**١. لە کاتی ڕاڤەکردنی چەمکە نوێ و ئاڵۆزەکان:** "ئەم ستراتیژییەتە لە کاتی خوێندنی چەمکە ئاڵۆزەکان زۆر کارایە، کە دەکرێ بۆ بەشی بچووك بەش بەش بکرێت، یان ئەوەی پێویستیی بە نموونەی هەمەجۆر هەیە، بە جۆرێك هەر قوتابییەك بەشداری لە ڕاڤەکردنی بەشێك، یان پێشکەشکردنی نموونەیەك بکات". (Kagan & Kagan،2009 ،p.189 ).

**٢. لە قۆناغی پێداچوونەوە و جێگیرکردندا:** "ئەم ستراتیژییەتە لە پێداچوونەوەی ئەو بیرۆکە و بابەتانەی پێشتر قوتابی فێریان بووە زۆر کاریگەر و بەسوودە، چونکە قوتابییان بە شێوەیەکی زنجیرەیی بە زانیارییەکاندا دەچنەوە، ئەمەش ئاستی وەبیرهێنانەوە و پاراستنی زانیارییەکانیان بەهێزتر دەکات". (Matthews، 2010، p.167 ).

**٣. لەکاتی پیادەکردنی ڕێزمان و چەمکەکان:**

"ستراتیژیەتەکە بە تەواوی لە کاتی پیادە و پراکتیزەکردنی بنەماکانی زمان، یان بیرکاری گونجاوە، بە جۆرێك هەر قوتابییەك نموونەیەکی پیادەکاریی جیاواز پێشکەش دەکات، ئەمەش هەمەڕەنگ بوونی بەکارهێنانەکان ڕوون دەکاتەوە". (Brown، 2008، p.223 ).

**٤. لە سەرەتای وانەکە بۆ چالاك کردنی زانەکیی پێشوو:**

"توانای بەکارهێنانی ئەم ستراتیژییەتە لە سەرەتای وانەکەوە هەیە، وەکو ئامادەسازییەك بۆ چالاك کردنی زانەکییەکانی پێشوو و دۆزینەوە و ئاشکراکردنی ئەوەی قوتابییان بە کردەیی دەربارەی بابەتەکە دەیزانن". (Smith)، 2011، p.145 .

**٥. لە کۆتایی وانەکە بۆ پوختەکردنەوە:**

"بەکارهێنانی ستراتیژییەتەکە لە کۆتایی وانەکە، یارمەتیی پوختەکردنەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکە دەدات بە شێوەیەکی بە کۆمەڵ و چەسپاندن و جێگیرکردنی زانیارییە بنەڕەتییەکان". (Jones، 2009، p.178 ).

**یەکەم . ڕۆڵی مامۆستا لە ستراتیژییەتی زنجیرەبەندیی وەڵامدانەوەکاندا:**

١. مامۆستا لە حاڵەتی فێرکاری و وانەوتنەوەکەدا ڕێنماییکار و ڕێنیشاندەرە.
٢. مامۆستا ئامادەکاری و پلاندانانی باش بۆ وەڵامدانەوە زانستییەکان دادەڕێژێت.
٣. ئاستی ئامادەکاریی قوتابییان بۆ بەکارهێنانی ئامرازە زانستییە هەمەڕەنگەکان.
٤. مامۆستا لە کاتی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە، بەدواداچوونی ورد بۆ قوتابییەکانی دەکات.
٥. دەستنیشان کردنی ئەو وەڵامدانەوانەی ڕاستن، کە لەگەڵ ئەو دەقەدا دەگونجێت کە لە ناوەڕۆکی پرسیارەکەدا هەیە. (أبو سعدی، ٢٠١٦، ل. ١٠٤).

**دووەم- دەستکەوت (Achievement):**

چەمکی دەستکەوت بەڵگەی ئەوەیە کە قوتابی لە میانی گەشتە فێرکارییەکەیەوە لە ناو ژینگەی قوتابخانە فێری بووە و بە ئاستی توانای لە تاقیکردنەوەکان پێوانە دەکرێت (چ زارەکی یان نووسراو بن)، کە مامۆستا ئەنجامی دەدات، یان ڕەفتارەکەی، یاخود گەڕان و توێژینەوە دەربارەی چارەسەرکردنی فێرکاری، ئەمەش لە میانی پشتبەستنی قوتابی بە کارامەییەکانی و ئەدای ئێستای کارەکانی بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕییەکان و تەواوکردنی کارەکەی، یان ئەرکە فێرکارییە سادە، یان ئاڵۆزەکان دێتەدی، بە جۆرێك نمرەکان دەبنە تاکە پێوەری پێشکەوتنی قوتابی و گواستنەوەی

لە نێوان پۆلەکانی خوێندن و لە قۆناغێکی خوێندنیش بۆ قۆناغێکی دیکە". (شرار، ٢٠٠٦، ل. ٣٤).

**ئامانجەکانی دەستکەوتی خوێندن:**

١. دەستنیشانکردنی نمرەی قوتابییان و وەرگرتنی بڕیار بە بەرزکردنەوەی قوتابی بۆ نمرەیەکی بەرزتر لەم نمرەیەی ئێستای، یان دابەزینی نمرەکەی، ئەوەش بە پێی یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن لەم بوارەدا.

٢. پێشکەشکردنی فیدباك (پەرچەخۆراك . التغذية الراجعة)، سەبارەت بە پێکهاتەی قوتابخانەیی بۆ کارگێڕیی فێرکردن.

٣. دانانی نەخشە و پلانێکی پێکهێنانی قوتابخانەیی لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی چوونەڕیز و تۆمارکردن و تاقیکردنەوەکان، یان ئەزموونەکان. (شاهین و اخرون، ٢٠٠٨، ل. ٢٠٤).

**هۆکارە کاریگەرەکانی سەر دەستکەوت:**

١. **زیرەکی** : ئاستی زیرەکی و ژیری لە قوتابییەکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازی هەیە، بۆیە جیاوازیی تاکە کەسی لە نێوان قوتابییاندا کاریگەرییان بۆ سەر دەستکەوت هەیە.

٢. **پاڵنەر**: دەبێ هانی قوتابییان بدات و ئەو توانایانەی کە هەیانە، بابەتیانە ئاڕاستەیان بکات.

٣. خواستی قوتابییان کاریگەری دەکەنە سەر ئاست و جۆرێتی ئەنجامەکان.

٤. ژینگەی خیزانی و قوتابخانەیی و ئاڕاستەکردنی باوان بەرانبەر ڕۆڵەکانیان.

٥. ئاستی سەلامەتیی جەستەیی و عەقڵی و دەروونیی قوتابییان. (زاير وسماء، ٢٠١٣، ل. ١٥٤).

**تەوەری دووەم:**

**یەکەم – خستنەڕووی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو:**

**خشتەی (١)خستنەڕووی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو**

| ١ | ئەو لێکۆڵینەوانەی پێشوو کە تاوتوێی ستراتیژییەتی ڕوونبەندیی وەڵامدانەوەیان کردووە | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ز | ناوی توێژەر و ساڵ و وڵات | ئامانجی لێکۆڵینەوەکە | ڕێبازی لێکۆڵینەوە | قەبارەی نموونە و ڕەگەز | قۆناغ و بابەتی لێکۆڵینەوە | ئامرازی توێژینەوە | ئامرازە ئامارییەکان | ئەنجامەکان |
| ١ | مهدي ٢٠٢٢ عێراق | توێژینەوەکە بە مەبەستی ناسینی کاریگەری ستراتیژییەتی ڕوونبەندیی وەڵامدانەوەکانە لەسەر دەستکەوتی خوێندنی قوتابیانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی لە بابەتی مێژووی شارستانییەتی عەرەبی ئیسلامی لە ڕێگەی دڵنیابوون لە گریمانەی سفرییەوە | ڕێبازی ئەزموونی | ٥٢ قوتابی کوڕ | چوارەمی ئامادەیی مێژوو | تاقیکردنەوەی دەستکەوت | هەنگاوی ئاماری (spss) | لەم لێکۆڵینەوەیەی کە توێژەر ئەنجامی داوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە مێژووی شارستانیی عەرەبی ئیسلامییان بەپێی ستراتیژییەتی ڕوونبەندیی وەڵامدانەوە خوێندووە بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراودا سەرکەوتوون، کە هەمان بابەتیان بە ڕێگەی ئاسایی خوێندووە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی پاشەکی |
| ٢ | Ting 2022 تایوان | کاریگەری ستراتیژییەتی ڕوونبەندیی وەڵامدانەوەکان لەسەر بەدەستهێنانی زانین لای قوتابیانی پەرستاری و پاراستنی زانەکی (المعرفة) | ڕێبازی ئەزموونی | ٥٢ قوتابی نێر و مێ | قوتابی زانکۆ / کۆلێژی پەرستاری | تاقیکردنەوەی زانەکی | هەنگاوی ئاماری | ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە باشتربوونی بەرچاوی ئەنجامدانی کاری ئەو قوتابیانەی دەرخست کە بە ستراتیژییەتی ڕوونبەندیی وەڵامدانەوەکان وانەکانیان بە ڕێکوپێکی خوێندووە، چونکە نمرەی زۆر بەرزتریان لە تاقیکردنەوەکانی پاشەکی هێناوە بەراورد بەو قوتابیانەی هەمان بابەتیان بە ڕێگەی ئاسایی خوێندووە |
| ٣ | العميدي ٢٠٢٤ عێراق | ئامانجی توێژینەوەکە ناسینی کاریگەری ستراتیژییەتی ڕوونبەندیی وەڵامدانەوەکان بوو لە دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی دووەمی ناوەندی لە بابەتی فیزیا و بیرکردنەوەی لۆژیکیان | ڕێبازی ئەزموونی | ٧٠ قوتابی نێر | دووەمی ناوەندی فیزیا | تاقیکردنەوەی دەستکەوت | هەنگاوی ئاماری | ئەنجامەکان سەرکەوتنی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونییان دەرخست کە بە ستراتیژییەتی ڕوونبەندیی وەڵامدانەوەکان خوێندوویانە بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵ کراو کە هەمان بابەتیان بە ڕێگەی ئاسایی خوێندووە لە هەر یەکە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت و بیرکردنەوەی لۆژیکی |

**دووەم . لایەنە سوودبەخشەکانی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو:**

سوودوەرگرتن لە لایەنە تیۆرییەکانی ئەو لێکۆڵینەوانە و دەروازەبەندکردن (تبویب)ی توێژەران بۆ چوارچێوە تیۆرییەکانی توێژینەوەکانیان لە بونیادنانی چوارچێوەی تیۆریی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا.

١. سەرنجدانی سرووشتی ڕێباز و میتۆدی توێژینەوەیی و ئەو ڕێکارانەی کە توێژەران گرتوویانەتەبەر و سوودوەرگرتن لە دیزاینە ئەزموونییەکانی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو.

٢. هەڵبژاردنی ئامرازە ئامارییە گونجاوەکان بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا.

٣. توێژەر سوودی لە پرۆسەی بەدەستهێنانی ئەو ژێدەر و سەرچاوانە وەرگرت کە تاووتوێی بابەتەکانی ئەم توێژینەوەیەی ئێستایان کردووە و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو بە لای هەمان بابەتدا چوون.

**بەشی سێیەم**

**ڕێبازی توێژینەوەکە و ڕێکارییەکانی**

**یەکەم : ڕێبازی توێژینەوەکە**

ڕێباز (میتۆد)ی تاقیکاری یان ئەزموونی، بە گۆڕدراوێکی بنەڕەتی و ڕێکوپێك و دەستنیشانکردنی ڕووداوێك دادەنرێت، لەگەڵ تێبینیکردنی گۆڕدراوە داکەوتەکانی ئەو ڕووداوە و هەوڵی شرۆڤەکردنی، ئەم ڕێبازەش بە نزیکترینی ئەو ڕێباز و میتودانە دادەنرێت بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشە و گرفتەکان و دیاردە زانستییەکان و پەرەپێدانی بونیاد و ژێرخانی پرۆسەی فێرکردن و چاکترکردنیشی، بۆیە توێژەر ڕێبازی ئەزموونی هەڵبژارد، لەبەرئەوەی لە هێنانەدیی ئامانجی توێژینەوەکە و گریمانەکانی گونجاوترین و باشترینیانە.

**دووەم: نەخشەسازیکردنی (دیزاینکردنی) ئەزموونی**

دەستنیشانکردنی نەخشەسازیکردنی باشی توێژینەوەکە لەسەر سرووشتی کێشەکەی و هەلومەرجی نموونەی توێژینەوەکە ڕادەوەستێت. (عبد الرحمن، ١٩٩٨، ل.١٦٠)لەبەر ڕۆشنایی ئەمەش، توێژەر نەخشەسازیکردنی ئەزموونی هەڵبژارد کە بەشە کۆنترۆڵکردنی دوو کۆمەڵەی هاوسەنگ لەخۆدەگرێت، یەکێکیان ئەزموونییە و بەپێی (ستراتیژییەتی زنجیرەبەندیی وەڵامەکان) وانەکان دەوترێنەوە و دووەمیشیان کۆمەڵی کۆنترۆڵکراوە کە وانەکانی بە پێی (ڕێگەی ئاسایی) تاقیکاریی پاشەکیی دەستکەوت و مەیل دەخوێندرێن، وەك ئەوەی لە شێوەی (١)دا ڕوونکراوەتەوە:

| کۆمەڵە | گۆڕدراوی سەربەخۆ | گۆڕدراوی پشتبەست | تاقیکردنەوە |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ستراتیژییەتی زنجیرەبەندیی وەڵامەکان | دەستکەوت | اقیکردنەوەی دەستکەوت. |
| کۆنترۆڵکراو | ڕێگەی ئاسایی | | |

**شێوەی (١) دیزانی ئەزموونی توێژینەوەکە**

**سێیەم: کۆمەڵگەی توێژینەوە:** کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە لە قوتابییانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی قوتابخانە ئامادەیی و دواناوەندییەکانی کوڕان پێکدێت، ئەوانەی دەوامیان بە ڕۆژە و قوتابخانەی حکومین و سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی بەغداد/ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرخ/ بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٥- ٢٠٢٦). کە ژمارەیان (١٩٦٨) قوتابی بوو و بەسەر (١٤) قوتابخانەدا دابەش بووبوون، توێژەر توانی بە پێی نووسراوی ئاسانکاریی ئەرك داتاکان بەدەستبهێنێت.

**چوارەم: نموونەی توێژینەوەکە Research Sample**

توێژەر بەپێی بابەتەکە، یان دیاردەکە، یاخود کێشەکە ، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی دیاری دەکات، لە سۆنگەی ئەوەی کۆمەڵگەکانی لێکۆڵینەوەکە قەبارەی گەورە بوو، بۆیە توێژەر نموونەکەی لەو کۆمەڵگەیە وەرگرت، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەکە بکات، ئەوەش بە گرتنەبەری ئەمەی خوارەوە :

**أ. نموونەی قوتابخانەکان:**

دوای ئەوەی ئەو قوتابخانانە دەستنیشان کران کە ئەنجامدانی توێژینەوەکە دەیگرتنەوە و ژمارەیان (١٤) قوتابخانە بوو، توێژەر بە ئەنقەست ئامادەیی مەحموودییەی زانستی کوڕان هەڵبژارد، ئەوەش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١. هاوکاریکردنی بەڕێوەبەری قوتابخانە لەگەڵ توێژەر لە پیادە و جێبەجێکردنی ئەزموونی توێژینەوەکەی و وەکو پشگتیرییەك بۆ پرۆسەی خوێندن و فێربوون.

٢. زۆربەی قوتابییان لە یەك ناوچەی جوگرافی بوون، ئەمەش نزیکییان لە ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری دابین دەکات، ئەمەش ڕۆڵی خۆی لە یارمەتیدانی هاوسەنگ کردنی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکەدا دەگێڕێت.

٣. بوونی (٣) هۆبەی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی.

**ب. نموونەی قوتابییان:**

دوای دەستنیشان کردنی قوتابخانەکە، توێژەر بەپێی نووسراوی ئاسانکاریی ئەرك كە لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی بەغداد/ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرخی دوو، سەردانی قوتابخانەکەی کرد، بینی قوتابخانەکە (٣) سێ هۆبەی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی تێدایە، بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و لە ڕێگەی تیروپشکەوە دوو هۆبەی هەڵبژارد، کە هۆبەکانی (أ، ب) بوون، بە هەمان شێوەی هەڕەمەکی پۆلی (ب)ی بۆ ئەوە هەڵبژارد کە نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی ئەزموونی بکات و ژمارەی قوتابییانیشی (٣٧) قوتابی بوون، هەروەها هۆبەی (أ)یش بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە ئەویش ژمارەی قوتابییانی (٣٨) قوتابی بوون، بەمەش ژمارەی گشتی نموونەی توێژینەوەکە (٧٥) قوتابی بوون، دوای ئەوەی بە شێوەیەکی ئاماری قوتابییە دەرنەچووەکانی ساڵی پێشووی لە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو و ئەزموونی دوورخستەوە، لەگەڵ هێشتنەوەیان لە ناو پۆلەکانیان، بە مەبەستی پاراستنی سیستەمی قوتابخانە و بەردەوامیدان بە خوێندنیان، هۆی دوورخستنەوەشیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەوان ئەزموونی پێشوەختەیان لەو بابەتانەدا هەیە کە لە ماوەی ئەزموونەکەدا دەخوێندرێن، ئەمەش کاریگەریی بۆ سەر گۆڕدراوە پاشکۆکان دەبێت، بەمەش ژمارەی کۆتایی نموونەی توێژینەوەکە (٦٨) قوتابی بوون لە هەردوو کۆمەڵەکە.

**پێنجەم: هاوسەنگیی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە هاوتایە بە توێژینەوەی کۆمەڵەکان**

تەمەنی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە، هەژمارکراو بە مانگ.

**١. ئاستی خوێندەواریی باوان:**

**٢. تاقیکردنەوەی زیرەکی (Raven):**

**١. ئاستی خوێندنی باوان:**

**أ. ئاستی خوێندنی باوك:**

توێژەر (کا)[٢] ی بەکارهێنا، ئەنجامەکانی هاوسەنگییەکە ئەوەی دەرخست کە جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماری لە نێوان قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکەدا نییە، چونکە بەهای (کا)[٢] ی هەژمارکراو (١.٠٧٣) بوو، ئەمەش لە بەهای (کا)[٢] خشتەکی بچووکترە کە (٩.٤٩) بوو لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) و نمرەی ئازادی (٤). خشتەی (٢) ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

**خشتەی (٢)ئەنجامی دووبارەبوونەوەی دەستکەوتی خوێندنی باوکی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە و بەهای دووجای (کا)[٢]ی هەژمارکراو**

| کۆمەڵە | ئاستی خوێندنی باوك | | | | | کۆی گشتی | نمرەی ئازادی | (کا)[٢] | | بەڵگەداری ئاماری لە (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | پەیمانگا | بەکالۆریوس و بەرزتر | | | هەژمار کراو | خشتەکی | |
| ئەزموونی | 4 | 2 | 12 | 11 | 5 | 34 | 4 | 1.073 | 9.49 | بەڵگەداری ئاماری نییە |
| کۆنترۆڵ کراو | 6 | 3 | 10 | 9 | 6 | 34 | | | | |
| کۆی گشتی | 10 | 5 | 22 | 20 | 11 | 68 | | | | |

**ب. ئاستی خوێندنی دایك:**

بەهای (کا)٢ی هەژمارکراو گەیشتە (٣.٨٥٠)، ئەمەش لە بەهای کای خشتەکی بچووکترە کە ئەویش (٩.٤٩) بوو لە ئاستی بەڵگەداریی (٠.٠٥) و نمرەی ئازادی (٤)، بەمەش جیاوازی لە نێوان قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توژینەوکە نییە لە ئاستی خوێندنی دایکان، خشتەی (٣) ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

**خشتەی (٣)ئەنجامەکانی دووبارەکردنەوەی ئاستی خوێندنی دایکانی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە و بەهای (کا)٢ی هەژمارکراو و خشتەکی**

| کۆمەڵە | ئاستی خوێندنی دایک | | | | کۆی گشتی | نمرەی ئازاد | کای دووجا | | بەڵگەداریی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | بەکالۆریۆس و سەرووتر | | | هەژمار کراو | خشتەکی | |
| ئەزموونی | 8 | 9 | 7 | 10 | 34 | 4 | 3.850 | 7.81 | بەڵگەداری ئاماری نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 6 | 10 | 10 | 8 | 34 | | | | |
| کۆی گشتی | 14 | 19 | 17 | 18 | 68 | | | | |

### ٥. تاقیکردنەوەی زیرەکی (Raven) :

(t)یش بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، دەرکەت جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماری لە ئاستی (٠.٠٥) بوونی نییە، چونکە بەهای هەژمارکراو (١.٣٦٥) بوو، ئەمەش لە بەهای خشتەکی بچووکترە کە گەیشتە (٢.٠٠) و نمرەی ئازادی (٦٦)، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە ڕووی ئامارییەوە ولە تاقیکردنەوەی زیرەکیدا هاوسەنگن، خشتەی (٤) ئەمە ڕوون دەکاتەوە.

**خشتەی (٤)ناوەندە هەژمار و لادانی پێوەری و بەهای تائی (هەژمارکراو و خشتەکی) لە تاقیکردنەوەی زیرەکیی هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا**

| کۆمەڵە | ژمارە | ناوەندە هەژمار | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | بەڵگەداریی ئاماری لە ئاستی ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمار کراو | خشتەکی | |
| ئەزموونی | 34 | 30.24 | 3.693 | 66 | 1.365 | 2.00 | بەڵگەداری ئاماری نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 34 | 28.97 | 3.943 | | | | |

## حەوتەم: پێداویستییەکانی توێژینەوەکە

### ١. دیاریکردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکە:

ئەو بابەتە زانستییە دیاریکرا، کە توێژەر بە هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکەی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) لە وەرزی یەکەمی (٢٠٢٥ – ٢٠٢٦) وتەوە، بە جۆرێك بریتی بوو لە بابەتی زانستی ڕێزمانی کوردی لە کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی و ئەمانەی خوارەوەی گرتەوە (جێناوی سەربەخۆ، جێناوی لکاو، ناو لە ڕووی ژمارەوە، ناسراو و نەناسراو، ئامرازەکانی پرسیارکردن، کاتەکانی کار ).

### ٢. دارشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان :

توێژەر (٦٢) ئامانجی ڕەفتاری دارشت، ئەوەش بە پشتبەستنی بە ناوەڕۆکی ئەو بابەتە دیاریکراوانەی بۆ خوێندن دەستنیشان کراون لە کاتی پیادە و پراکتیزەکردنی ئەزموونەکەی، بە جۆرێك لە سەر سێ ئاستی یەکەمی بواری زانەکی پۆلینکردنی بلووم Bloom (وەبیرهاتنەوە، تێگەیشتن، پیادەکردن) دابەش کرد، بۆ دڵنیابوون لە شیاوییەکەی، خرایە بەردەستی کۆمەڵێك لە

ناوبژیوانان و تایبەتمەند و پسپۆڕانی بواری پێوانەکردن و هەڵسەنگاندن و پرۆگرامەکان و ڕێگەکانی وتنەوەی زمانی کوردی، لە ئەنجامدا ڕێژەی ڕێککەوتنی نێوانیان (٨٢%) بەسەرەوە بوو، لەبەر ڕۆشنایی ڕاوبۆچوون و پێشنیار و تێبینییەکانیان، لە هەندێك شوێن هەموارکرایەوە و ژمارەی ئامانجە ڕەفتارییەکان بە شێوەی دارشتنی کۆتایی گەیشتە (٥٩) ئامانجی ڕەفتاری، بە داکەوتەی (١٦) ئامانج لە ئاستی وەبیرهاتنەوە و (١٥) ئامانج بۆ ئاستی تێگەیشتن و (٢٨) ئامانجیش بۆ ئاستی پیادەکردن . التطبیق)، خشتەی (١٢) دابەشکردنی نێوان هەر سێ ئاستەکە ڕوون دەکاتەوە.

**٣. ئامادەکردنی پلانەکانی وانەوتنەوەی ڕۆژانە:**

توێژەر کۆمەڵە پلانێکی وانەوتنەوەی بۆ قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لەبەر ڕۆشنایی بابەتە بڕیار لەسەر دراوەکانی ڕێزمانی کوردی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٥- ٢٠٢٦)

**هەشتەم- ئامرازی توێژینەوەکە:**

ئامرازی توێژینەوە، بریتییە لەو ئامرازەی کە توێژەر بە هۆیەوە داتاکانی توێژینەوەکەی کۆ دەکاتەوە و دەتوانێت کێشەکانی لێکۆڵینەوەکەی چارەسەر بکات و لە گریمانەکانیشی دڵنیا بێت. (الدویدی، ٢٠٠٢، ٣٠٥). ئەم توێژینەوەیەی ئێستا پێویستیی بە دابینکردنی دوو ئامرازی پێوانەکردنی هەردوو گۆڕدراوە پاشکۆکە بوو، کە بریتین لە:

**١. تاقیکردنەوەی دەستکەوت:**

لە پێداویستییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێستا ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی دەستکەت بوو، بۆ هێنانەدیی ئەمەش، توێژەر بابەتەکانی ڕێزمانی کوردیی کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی بڕیار لەسەر دراوی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی هەڵبژارد، بۆ بونیادنانی ئامرازی توێژینەوەکەش، توێژەر ئەم ڕێکارییانەی خوارەوەی گرتەبەر:

**أ. ئامادەکردنی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی کۆتایی:**

توێژەر تاقیکردنەوەیەکی دەستکەوتی بۆ بابەتی ڕێزمانی کوردیی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی ئامادەکرد، پاشکۆی (١٠)، کە لە (٢٠) بڕگە پێکهاتبوو لە جۆری (هەڵبژاردن لە چەند بژاردەیەك) و بۆ هەر بڕگەیەکیش چوار جێگرەوەی وەکو وەڵام دانا، بڕگەکانی تاقیکردنەوەکەی لەسەر سێ ئاستی زانەکی و بەپێی پۆلینکردنی بلووم (بلوم Bloom) دابەش کرد.

**- ڕاستگۆیی تاقیکردنەوە:**

توێژەر دوو جۆرە ڕاستگۆیی لە تاقیکردنەوەکە دەرهێنا، ئەوانیش (ڕاستگۆیی ڕووالەتی و ڕاستگۆیی ناوەڕۆك) بوون.

**أ. ڕاستگۆیی ڕووالەتی:**

توێژەر لە ڕاستگۆیی ڕووالەتی کۆلییەوە، کاتێك تاقیکردنەوەکەی بە شێوەی بەرایی خستە بەردەم کۆمەڵێك لە شارەزایانی تایبەتمەند لە پێوانەکردنی دەروونی، بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر ئاستی شیاوییەکەی لە ژینگەی عێراقیدا بدەن، سەرجەم بڕگەکانیش ڕەزامەندیی شارەزایانی تایبەتمەندییان لەسەر شیاوی بەدەستهێنا بۆ پێوانەکردنی ئەوەی لە پێناو پێوانەکردنیدا دانراوە و بە ڕێژەی (٨٠%)

**ب. ڕاستگۆیی ناوەڕۆك:**

توێژەر لە ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەکەی پشتی پێ بەست، ئامادەکردنی خشتەیەکی خەسڵەتەکان بوو بۆ زانینی ئاستی نواندنی بڕگەکان بۆ ناوەڕۆکی بابەتە فیزکارییەکە و ئامانجە ڕەفتارییەکان، بۆ ئەمەش (عودة ١٩٩٨) ئاماژە بەوە دەدات کە: بەکارهێنانی خشتەی خەسڵەتەکان، بە ئاماژەیەك لە ئاماژەکانی ڕاستگۆیی ناوەڕۆك دادەنرێت، چونکە بە نمرەیەکی پەسەندی ڕاستگۆیی دادەنرێت و نوێنەرایەتیی نموونەی بڕگەکانی مەبەستە ڕەفتارییەکان دەکات، لە میانی ئەمەشدا، گەمارۆگیریی بابەتەکان و دەستنیشانکردنی بایەخی هەر یەکێکیان مسۆگەر دەکەین، بە مەبەستی نوێنەرایەتی کردنی لە تاقیکردنەوەکە، بە جۆرێك لەگەڵ گرنگییەکەیدا بگونجێت. (عودة، ١٩٨٨،ل.٣٧٣).

**پ. ئامادەکردنی ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوە: ئەمانەی خوارەوە لە خۆدەگرێت:**

توێژەر ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەی دانا:

١. **ڕێنماییەکانی وەڵامدانەوە:** توێژەر کۆمەڵە ڕێنماییەکی تایبەتی بۆ تاقیکردنەوەکە ئامادە کرد، پاشکۆی (١٠)، بیرۆکەی تەواویشی دەربارەی ئامانج لە تاقیکردنەوەکە و جۆر و ژمارەی پرسیارەکانیش ڕوون کردەوە، هەروەها کاتی وەڵامدانەوە و دابەشکردنی نمرەکان لەسەر بڕگەکان و نەبوونی هەڵبژاردنی زیاتر لە وەڵامێك بۆ یەك بڕگە و نەهێشتنەوەی هیچ بڕگەیەکیش بە بێ وەڵام، وەڵامەکەش لەسەر لاپەڕەیەکی جوودا بێت و نووسینی هەنگاوەکانی وەڵامدانەوە و شیکردنەوەی پرسیارەکانیش لە لایەن قوتابییەوە.

٢. **ڕێنماییەکانی ڕاستکردنەوە:** توێژەر کلیلی وەڵامدانەوەی دروست و نموونەیی بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە ئامادە کرد، پاشکۆی (١٠)، بە جۆرێك یەك نمرەی بۆ وەڵامی دروست و (سفر)یشی بۆ وەڵامی نادروست، یان بەجێهێڵدراو دانا، نمرەی گشتیی تاقیکردنەوەکەشی لە ئاستی (٠-٢٠) نمرە دانا، بۆئەوەی نمرەی گشتیی تاقیکردنەوەکە (٢٠) نمرە بێت.

**٣. پیادە و جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی دەستکەوت لەسەر نموونەی ڕاپرسی:**

جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە لەسەر نموونەکە بە هاوکاری لەگەڵ مامۆستای بابەتەکە و ئامادەیی توێژەر بوو، دوای ئەوەی توێژەر لە تەواوبوونی هەموو بابەتەکانی خوێندنەوەی بڕیار لەسەردراو بۆ خوێندنی لە تاقیکردنەوەکە دڵنیابوو، ئەو کاتە ناوەندە هەژماری کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی هەژمار کرد، دوای هەژمارکردنی تێکڕای گشتیی ئەو کاتەی بۆ وەڵامدانەوە دەیخایەنێت، ئەوەی بۆ دەرکەوت کە کاتی پێویست (٣٨) خولەکە،

**٤. شیکردنەوەی ئامارییی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە:**

بۆیە توێژەر نموونەی شیکاریی ئاماری دەستنیشان کرد کە ژمارەیان گەیشتە (١٠٠) قوتابی لە قوتابییانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی و بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە قوتابخانەکانی ، ئامادەیی ( الحریە) هەڵبژێردرا، ئینجا دوو نموونەی پەرگیری سەرەوە و خوارەوەی بە ڕێژەی (٢٧%) هەڵبژارد، بەو پێیەی دوو کۆمەڵەی جوودان و نوێنەرایەتیی تەواوی نموونەی توێژینەوەکە دەکەن، بە جۆرێك لاپەڕەی وەڵامی سەرەوە بە (٢٧%) و خوارەوەش بە (٢٧%) وەرگیرا، بەمەش ژمارەی کۆمەڵەی سەرەوە (٢٧) قوتابی و کۆمەڵەی خوارەوەش (٢٧) قوتابی، پاشان بەم جۆرەی خوارەوە شیکاری ئاماری لەسەر هەردوو کۆمەڵەکە ئەنجام درا:

**. هاوکۆلکەی سەختیی بڕگەکان (معامل الصعوبة للفقرات):**

دوای ئەنجامدانی توێژەر بە هەژمارکردنی هاوکۆلکەی سەختی بۆ هەر بڕگەیەك لە بڕگەکان بە بەکارهێنانی هاوکێشەی سەختی، ئەوەی بۆ دەرکەوت کە لە نێوان (٠.٥٢ - ٠.٧٠) بوو، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە هەموو بڕگەکان پەسەند و شیاوی پیادە و جێبەجێکردنن.

**- هێزی جیاکاریی بڕگەکان:**

لە کاتی هەژمارکردنی هێزی جیاکاریی هەر بڕگەیەکیش لە بڕگەکان بە بەکارهێنانی هاوکێشەی هێزی جیاکاریی بڕگە، ئەوە دەرکەوت کە هێزی جیاکاریی بڕگەکان لە نێوان (٠.٢٦ - ٠.٦٣) بوون.

**- کاریگەریی جێگرەوە هەڵەکانی بڕگەکان:**

دوای پیادە و جێبەجێکردنی هاوکێشەی کاریگەریی جێگرەوەکان، ئەوە دەرکەوت کە جێگرەوەکان، توانیویانە ژمارەیەکی زیاتری قوتابییانی کۆمەڵەی خوارەوە بۆ خۆیان ڕابکێشن، بەراورد بە قوتابییانی کۆمەڵەی سەرەوە، بەمەش بڕیار لەسەر هێشتنەوەی جێگرەوە هەڵەکان درا وەکو خۆی و بەبێ هیچ گۆڕانکارییەك.

**- جێگیرکردنی تاقیکردنەوە (ثبات الاختبار)** لەبەر ڕۆشنایی ئەمە و پشتبەستن بە وەڵامەکانی نموونەی شیکاریی ئاماری کە ژمارەی (١٠٠) بوو لەسەر تاقیکردنەوەکە، ئەوەی بۆ دەرکەوت کە هاوکۆلکەی جێگیری (٠.٧٩٣)یە، بەمەش هاوکۆلکەی جێگیریی تاقیکردنەوەکە باشە.

**ڕێكارییەكانی پیادە و جێبەجێكردنی ئەزموونەكە:**

توێژەر ئەزموونەكەی لەسەر وەرزی یەكەمی خوێندنی ساڵی (٢٠٢٥- ٢٠٢٦) پیادە و جێبەجێ كرد، ئەوەش دوای ئەوەی پێداویستییەكانی ئەنجامدانی ئەزموونەكەی تەواو كرد، بە هەڵبژاردنی هەردوو كۆمەڵەكە و هێنانەدیی هاوسەنگیی نێوانیان و دەستنیشان كردنی بابەتە زانستییەكە، پیادە و جێبەجێكردنی ئەزموونەكە لە ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی ٢٠٢٥/١٠/٤ دەست پێكرد و لە ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی ٢٠٢٥/١٢/٢٣ كۆتایی هات، ئەزموونەكەش بە پیادە و جێبەجێكردنی هەردوو ئامرازی توێژینەوەكە (تاقیكردنەوەی دەستكەوت ) كۆتایی هات.

**دەیەم – ئامرازە ئامارییەكان:**

توێژەر بۆ چارەسەركردنی داتاكان لە ڕووی ئامارییەوە، پەنای بردە بەر بەرنامەی ئاماریی (SPSS) بۆ زانستە كۆمەڵایەتییەكانی دەرچووی (٢٠)، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر ئەم ئامرازە ئامارییانەی خوارەوەی بەكارهێنا:

١. تاقیكردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (t-test):
٢. هاوكێشەی كای دووجا (كا)٢:
٣. هاوكۆلكەی سەختیی بڕگە:
٤. هاوكێشەی جیاوازیی بڕگە:
٥. هاوكۆلكەی كاریگەریی جێگرەوە:
٦. هاوكێشەی ئەلفا . كرونباخ:
٧. هاوكۆلكەی پەیوەستگیریی پێرسۆن (r):

**بەشی چوارەم**

**خستنەڕووی ئەنجامەكان و شرۆڤەكردنیان**

**یەكەم . خستنەڕووی ئەنجامەكان:**

توێژەر لەبەر ڕۆشنایی گریمانەكانی توێژینەوەكەی بەم جۆرەی خوارەوە ئەنجامەكان دەخاتەڕوو:

**گریمانەی سفری:**

توێژەرهەژماركردنی نمرەی گشتی هەر قوتابییەكی هەردوو كۆمەڵەكە چارەسەر كرد، بە جۆرێك ناوەندە نمرەكانی قوتابییانی كۆمەڵەی ئەزموونی گەیشتە (١٨.٧٩) بە لادانی پێوەری كە ڕێژەكەی (٢.٣٩٣) بوو، لە كاتێكدا ناوەندە نمرەكانی قوتابییانی كۆمەڵەی كۆنترۆڵكراو گەیشتە (١٢.٢٤) بە لادانی پێوەری كە ڕێژەكەی (٢.٣٧٣) بوو، بە بەكارهێنانی تاقیكردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، ئەوە ڕوون بووەوە كە جیاوازیی نێوانیان بەڵگەداری ئاماری بوو لە ئاستی بەڵگەداریی (٠.٠٥)، چونكە بەهای تائیی هەژماركراو (١١.٦٤٩) بوو، ئەمەش لە

بەهای تائیی خشتەیی (٢.٠٠٠) گەورەترە، بە نمرەی ئازادی (٦٦)، بەمەش گریمانەی سفری ڕەت دەکرێتەوە و جێگرەوەیەك دێتە شوێنی، واتە: جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماری لە ئاستی بەڵگەداریی (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندە نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی، ئەوانەی بابەتی ڕێزمانی کوردییان بە پێی بەکارهێنانی ستراتیژییەتی زنجیرەبەندیی وەڵامەکان خوێندووە و ناوەندە نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، ئەوانەی هەمان بابەتیان بە پێی ڕێگەی ئاسایی لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی پاشەکی خوێندووە و لە بەرژەوەندیی کۆمەڵەی ئەزموونیدا بوو> خشتەی (٥) ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

**خشتەی (٥)تاقیکردنەوەی تائی (t–test) بۆ بەڵگەداریی جیاوازیی نێوان ناوەندە نمرەکانی هەردوو کۆمەڵەکە لە دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی**

| کۆمەڵە | نموونە | ناوەندە هەژمار کراو | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی (t–test ) هەژمار کراو | بەهای تائی (t–test ) خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ٣٤ | ١٨.٩٧ | ٢.٣٩٣ | ٦٦ | ١١.٦٤٩ | 2.000 | بەڵگەداری ئامارییە |
| کۆنترۆڵ کراو | ٣٤ | ١٢.٢٤ | ٢.٣٧٥ | | | | |

**- قەبارەی کاریگەری:**

توێژەر (چوارگۆشەی ئایتا)ی بۆ دەستنیشان کردنی قەبارەی کاریگەری ئەم گۆڕدراوی سەربەخۆیە بەکارهێنا، ئامانجیش دڵنیابوونەوە لە قەبارەی جیاوازییەکە بوو کە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (t–test) ئەنجام درابوو، ئەمەش جیاوازییەکی ڕاستەقینەیە و دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕدراوی سەربەخۆ، نەك گۆڕدراوەکانی دیکە و پاشانیش هەژمارکردنی بەهای (d) کۆهن کە نوێنەرایەتی کاریگەرییەکە دەکات، جا قەبارەی کاریگەرییەکە بچووك بێت یان گەورە، وەك ئەوەی لە خشتەی (٦) دا ڕوون کراوەتەوە.

**خشتەی ( ٦ )دەگەڕێتەوە بۆ دەستنیشانکردنی قەبارەی کاریگەری**

| ئامرازە بەکارهێنراوەکان | ڕێژەی کاریگەری | | |
|---|---|---|---|
| | بچووك | مامناوەند | گەورە |
| چوارگۆشەی آیتا η2 | ٠.٠١ | ٠.٠٦ | ٠.١٤ |
| d کوهن | ٠.٢ | ٠.٥ | ٠.٨ زیاتر |

**ئەم خشتەیەی خوارەوە کە خشتەی (٧)ە، بەهای (چوارگۆشەی آیتا η2) و بەهای (d کوهن) ڕوون دەکاتەوە**

**خشتەی ( ٧ )خشتەی بەهای (چوارگۆشەی آیتا η2) و ڕێژەی کاریگەری کە لە دەستکەوتی هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا هەیە**

| گۆڕدراوی سەربەخۆ | گۆڕدراوی پاشکۆ | بەهای t | Df | بەهای η2 | بەهای d | ڕێژەی قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ستراتیژییەتی زنجیرەبەندیی وەڵامەکان | دەستکەوت | ١١.٦٤٩ | ٦٦ | ٠.٦٧٣ | ٢.٨٢٥ | گەورە |

خشتەی (٧)ی سەرەوە، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە قەبارەی کاریگەریی (ستراتیژییەتی زنجیرەبەندیی وەڵامەکان) لە گۆڕدراوی دەستکەوت گەورەیە، لەبەرئەوەی بەهای (d کوهن) یەکسانە بە (٢.٨٢٥) ئەمەش لە (٠.٨) گەورەترە، بۆیە ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیژییەتی زنجیرەبەندیی وەڵامەکان لە دەستکەوتی قوتابییانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بەرانبەر بابەتی خوێندنەوەی کوردیی هاوچەرخ، کاریگەرییەکی گەورەی هەیە.

**دووەم – شرۆڤەکردنی ئەنجامەکان:**

١. وتنەوەی وانە بەپێی ستراتیژییەتی زنجیرەبەندیی وەڵامەکان، متمانە و باوەڕی قوتابییان بە خۆیان بەهێزتر دەکات.

٢. ستراتیژییەتی زنجیرەبەندیی وەڵامەکان، هانی قوتابییان دەدات لەسەر بەشداریکردنی کاریگەرانە لە وانەکە.

٣. ستراتیژییەتی زنجیرەبەندیی وەڵامەکان یارمەتیی خەیاڵکردن و جەختکردنەوەی ئاگایی و وریایی قوتابییان بەرانبەر وانەکە دەدات.

**سێیەم– دەرئەنجامەکان:**

توێژەر گەیشتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١.ستراتیژییەتی زنجیرەبەندیی وەڵامەکان یارمەتیی دەرکەوتنی هەندێك ڕەفتاری ئەرێنیی لای قوتابییان داوە، لەوانەش کارلێك لە ناو پۆل و ئاگایی و هوشیاری، هەروەها بەهێزکردنی پەیوەندی و پەیوەستگیریی نێوان خودی قوتابییان لە لایەك و نێوان مامۆستا و قوتابییانیش لە لایەکی دیکەوە.

٢.ستراتیژییەتی زنجیرەبەندیی وەڵامەکان یارمەتیی تێگەیشتن لە خوێندنەوە و سەرنجراکێشانی بابەتەکە دەدات لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکە هاوچەرخ و تازە و ناباوەکان لای قوتابییان.

**چوارەم . ڕاسپاردەکان:**

١.دابینکردنی ستراتیژییەتی زنجیرەبەندیی وەڵامەکان لە ناو بەرنامە و پرۆگرامەکانی خوێندن و خولەکانی ڕاهێنانی تەرخانکراو بۆ مامۆستایانی زمانی کوردی، بەوپێیەی لە ستراتیژییەتە نوێ و هاوچەرخەکانە.

٢.مەشق و ڕاهێنانی مامۆستایانی زمانی کوردی لەسەر بەکارهێنانی ستراتیژییەتی زنجیرەبەندیی وەڵامەکان، لە سۆنگەی ئەو ڕۆڵەی ئەم ستراتیژییەتە لە تێگەیشتنی بابەتی خوێندنەکەدا هەیەتی و دەیگێڕێت.

**پێنجەم . پێشنیارەکان:**

توێژەر ئەم پێشنیارانەی خوارەوەی هەیە:

١. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی هاوشێوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێستا بەسەر قۆناغەکانی دیکەی خوێندن لە زمانی کوردی.

٢. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی هاوشێوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە لقەکانی دیکەی زمانی کوردی وەکو (دەقە ئەدەبییەکان، دەربڕین).

**أولاً–المراجع العربية :**


- الخليلي، خليل، وآخرون. (٢٠١٦). **تدريس العلوم في مراحل التعليم العام**. (ط. ٢). دار الشروق.
- الخوالدة، محمد محمود. (٢٠١٣). ***أساسيات بناء المناهج التربوية وتصميم الكتاب المدرسي***. دار المسيرة.
- الدويدي، رجب مصطفى. (٢٠٠٢). ***البحث العلمي: أساسياته النظرية وممارسته العملية***. دار الفكر المعاصر.
- الراوي، خاشع محمود. (٢٠٠٦). ***المدخل إلى الإحصاء*** (ط. ٢). دار الكتب للطباعة والنشر.
- الزغلول، عماد حسين. (٢٠١٢). ***مبادئ علم النفس التربوي*** (ط. ٦). دار الكتاب الجامعي.
- أمبوسعيد، عبد الله بن خميس. (٢٠١٦). *طرق تدريس العلوم: مفاهيم وتطبيقات عملية* (ط. ٢). دار المسيرة.
- أمبوسعيد، عبد الله، وآخرون. (٢٠١٩). ***الاستراتيجيات الحديثة في التعلم والتعليم***. وزارة التربية والتعليم.
- زاير، سعد علي، وسماء، تركي داخل. (٢٠١٣). ***مناهج اللغة العربية وطرائق تدريسها***. دار الكتب والوثائق.
- زيتون، حسن حسين. (٢٠١٣). ***تعليم التفكير: رؤية تطبيقية في تنمية العقول*** (ط. ٢). عالم الكتب.
- شاهين، محمد، وآخرون. (٢٠٠٨). ***استراتيجيات التدريس والتعلم المعاصر***. جامعة القدس المفتوحة.

- علام، صلاح الدين محمود. (٢٠٠٢). ***القياس والتقويم التربوي والنفسي***. دار الفكر العربي.
- علام، صلاح الدين محمود. (٢٠٠٩). ***التقويم التربوي البديل***. دار الفكر العربي.
- علام، صلاح الدين محمود. (٢٠١٦). ***الاختبارات والمقاييس التربوية والنفسية***. دار الفكر.
- عودة، أحمد سليمان. (١٩٨٨). ***القياس والتقويم في العملية التدريسية***. دار الأمل.
- محمد، جاسم. (٢٠١٩). ***تطوير مناهج قواعد اللغة الكردية***. مكتبة الرائد.
- الزغلول، عماد حسين. (٢٠١٢). **مبادئ علم النفس التربوي**. (ط. ٦). دار الكتاب الجامعي.
- عبد الرحمن، سعد. (١٩٩٨). ***القياس النفسي. (النظرية والتطبيق)***، ط (٣). دار الفكر العربي

ثانياً–المراجع الأجنبية (English References):

- **Brown، H. D.** (2008). *Principles of Language Learning and Teaching* (5th ed.). Pearson Longman.
- **Johnson، D. W.** (2007). *Joining Together: Group Theory and Group Skills* (9th ed.). Allyn & Bacon.
- **Johnson، D. W.، & Johnson، R. T.** (2006). *Active Learning: Cooperation in the Classroom* (8th ed.). Interaction Book Company.
- **Kagan، S.** (2009). *Kagan Cooperative Learning*. Kagan Publishing.
- **Kagan، S.، & Kagan، M.** (2009). *Cooperative Learning Structures*. Kagan Publishing.
- **Matthews، M. R.** (2010). *Constructivism in Science Education*. Springer.
- **Slavin، R. E.** (2011). *Educational Psychology: Theory and Practice* (10th ed.). Allyn & Bacon.
- **Smith، K. A.** (2011). *Cooperative Learning: Making It Work*. ASEE.
- **Stevens، R. J.** (2008). *Cooperative Learning and Literacy*. Routledge.
- **Vygotsky، L. S.** (1978). *Mind in Society*. Harvard University Press.